

# کەحلان

حسێن شێربەگی
(بۆکان)

شەوگەڕ بووم، هەر لە سەرەتای مێرمنالّی و لاوی ڕا زۆر شەقام و شۆستە و گەڕەک و کۆلّانی شارم دەتەقاند. لە برێ ڕۆژاندا بۆ ملّومۆ، تەنانەت سەرم بە زۆر دۆلّ و دەرە و بەندەن و سارات و شاخ و باخیشدا دەکرد، بگرە زۆر مالّ و دوکانانیش...

نازانم لەبەرچی ناوم بە شەوگەڕ دەرچووبوو، کەچی گەڕیدەیی ڕۆژانم بگرە لە گەڕیدەیی شەوانیشم زیاتر بوو، زیاتر بوو و کەمتر نەبوو!

بەلّام بلّێم چی، ناوم بە شەوگەڕ دەرکرد؛ لە سەرەتای ئەم قسەیەدا بۆتانم وت کە زۆر شەقام و شۆستە و کۆلّانم تەقاندووە؛ ئەرێ بۆتانم وت، بەلّام هیچیان نابنە بەزاندنی کۆلّانی ئەو جانوو ماینەی کە قارەمانی ئەم بەسەرهاتەیە، ئەو جانوو ماینەی یاد و بیرەوەری و کاریگەریی کەسایەتی ئەو هەرگیز لە یادم ناچێتەوە و بە جارێ دلّ و دەروون و جیهانی منی گۆڕی، تەنانەت لە گەڕیدەییشی خستم و ناو و ناوبانگ و ناتۆرەی شەوگەڕیشی سڕییەوە.

ئێوە بیستووتانە دەلّێن کەحلان؟ ڕەنگە، بەلّام کەحلانتان نەبینیوە، بەتایبەت جیل و نەوەی ئەمڕۆ ڕەنگە هەر نەزانێ کەحلان چییە و بە چی دەلّێن! کەچی من وەسفی کەحلانتان بۆ دەکەم و لە گێڕانەوەی پڕ حەماسەتی ئەم چیرۆکەشدا شتێکتان لێ حالّی دەبێ!

بێتو لە وزەمدا بێ، بەیانیان بەر لە سپێدە دەردەکەوم، خولێکی باش بە نێو گەڕەک و کۆلّانی پێشتر دەستنیشان کراودا دەگەڕێم، ملّومۆی ئەوکاتانەش تاموچێژی تایبەتی خۆی هەیە. دەبێ ئاشنا و دیوناس بی هەم بە شوێنەکە و هەم بە تەمالّەکە، ئەو تەمالّەی بنیادت ناوە.

بێتو بەیانیانی بەر لە سپێدە لە وزەمدا نەبێ، یان لە پرۆژەدا نەگونجێ، ئەوە ئێواران براگەورەیە! یانی ئێواران

حەمەن بە ئیشتیای دڵی خۆم، ختووکەی دڵ و دەروونم دەدەم و ئۆخەیش! ئۆخژنێک بە هەناوم دەبەخشم.

بەڵام چما هیچ کامی ئەم دووانە، نەرەخسا و نەلوا، ئەوە شەوانە و شەوگەڕی براگەورەن!

خوداوڕاستان دەسپێکی ئەم چیرۆکەش ئێوارە بوو! بەڵام قەزا و قەدەرەکەی لە شەودا قەوماوە. شەوێکی پڕ لە ئەستێرە و ورشەورشی ئەستێران و لیپاولیپی بەختەوەری! شەودرەنگان بوو، لە شەوگەڕدا بووم، نێچیرێکم دەست نەکەوتبوو، لە پشت ماڵانی بینایەکی قەراخ شار کە بیناکەش لە جەمسەری کۆڵانێکدا بوو، دەنگی حیلکەحیلک و حیلاندنی جانوو مایینێکم هاتە گوێ. گوێ قولاخ، قوشقی بووم. بیسمیللا، چ باسە؟ چوومە بەرەوە، جانوو لە بەردەم دەرگای نیوەئاوەڵای بیناکەدا دەهات و دەچوو. سەر و لووتی هەڵێنابوو و بۆنی دەکرد. هێند تامەزرۆ بوو، کونە لووتی بەم لا و ئەولایدا دەگێڕا و بۆنی دەکرد. تامەزۆر بوو، زۆریش. تامەزرۆی بۆنی کەڵ! بارگیر! نێر!!

لێی نێزیک بوومەوە، بوودەڵەیەک لە ئاسانەی دەرگادا ڕاوێستابوو، بوودەڵە کە منی بینی، ڕۆیشتە ژوورەوە.

جانوو لەمێژ بوو بۆنی منی کردبوو، کە چاوی پێم کەوت، ڕاست بەرەوڕووم چەقی و بەبێ دەربەست حیلاندی: کۆڕژنێکی بەرز و ئۆخژنێک (بەر لە نیوەڕۆ قەرار و بڕیە و کات و ساتی یەکەم دانیشتنمان دانابوو!)

هەستم بە هەموو شتێک کرد: زۆری لێ نێزیک بووبوومەوە! چوومە بەردەمی و چەشنی چەقینی ئەو چەقیم! دڵم دا بە دەریادا! بەبێ هیچ وتەیەک و بەبێ سێ و دوو دەستم کرد بە ڕنەک کردنی یاڵی! پەنجەکانم بوونە پاپۆڕ و بەسەر زەریای پرچیدا شۆڕ بوونەوە. بە ئیشتیای دڵی خۆم هەر لە تۆقی سەریەوە، قژ و گەردن و لاشانەکان و قەبرغەی گەرم و نەرم و ناسکیم لاواندەوە، تا سەر کەفەڵی!

من دەڵێم کەفەڵ و ئێوە دەبیستن کەفەڵ، بەڵام دەزانن کەفەڵ چ کەفەڵێک! گۆشتی زیندووی گەرم و نەرم و ناسک، هەستم بە خورەخوڕ و خوشەخوشی شەپۆلانی خوێن لە ژێر لەپی دەست و لە ژێر پەنجەکانمدا دەکرد، هەستم بە لەرزین و موچڕکی سمت و ساتان بەرەوژووری دەکرد. دەستمی گرت و بە دەرگای ئاواڵادا ڕۆیشتینە ژوورەوە، بە شوێن خۆیدا ڕایکێشی کردم و منیش بەبێ خۆڕاگری وەشوێنی کەوتم: داڵانێکی باریک، لە پاشان حەسارێک لە پشت بیناکە. بەسەر مووزائیکی حەسارێدا ڕۆیشتین و لەوسەری حەسار، بینایەکی نوقڵی و خنجیلانەی نیوەتاریک و نیوە ڕووناک؛ تایبەتی دانیشتن و هەر لە یەکەم ساتی دانیشتندا وتی:

- سوێند دەخۆی ئەویندارمی؟
- بەڵێ، بە هەرچی کەلامی پیرۆزە.
- سوێند دەخۆی ژن هێنی و دەمهێنی؟
- بەڵێ بە هەموو کەلام و کتێبێکی پیرۆز.

دەناڵێنێ، دەلرفێنێ، تەواوی لەشی هەڵدەلەرزێ، نەک لە سەرما! لە گەرمان! داغ داغە. دەسووتێتەوە. هەڵدەمژێ، دەکرووزێتەوە، دەنووزێنێ، دەنازێنێ، بە غلدەغلد شتێک دەڵێ، شتێک دەجاوێ. من خراپترم!

لە ناکاو چاوم بە سێبەرێک کەوت، لە پشت پەنجەرەکە، لە دەربیجە کراوەکەوە سەری کێشابووە ژوورێ و نوقمی ئێمە بوو؛ سەرسام! موعجیب و مەحووی سەیرانی ئێمە بوو؛ داماو. لێوەکانی دەلستەوە، هاکا سەرم هەڵبڕی، ڕایکرد!

تەواو بووین، هەرکام بە لایەکدا کەوتین و ڕاکشاین. بە چپە پێم کوت: لە پشت پەنجەرە و دەربیجەکەوە خۆیان لێ داگرتبووین!

هەستاو چووە ئەودیو: دەنگی شریخەی دوو شەپلاغە و گەڕاوە. پێمی گوت: پێم گوتووە پێی خۆش و ناخۆش بێ ئاوایە.

ڕاکشاینەوە. چوارەم دیدار و چاوپێککەوتنمان بوو.

کەحلان بوو، جانوویەکی کەحلانی قەد و باڵا دەستە و مامۆستا گۆران گوتەنی: «نە کچۆڵە و نە شاژن، نە باریکە و نە گۆشتن». داتاشراوێک لە بەردی مەرمەڕ، وەکو درەختی کاژ، هەڵکشاو بەرەو ژوور، داڕژاو. نێوقەد باریک و کەفەڵ و سمت و ساتان، خڕ و پڕ و گەرم و داغ. پێست؟ تەسک و ناسک و لووس و پووس و زوڵاڵ. ڕان و ئەژنۆ و بەلەک، پەیکەری ڤێنووس لە بەردی مەرمەڕی ساف و لووس و ڕۆشن، بەڵام زیندوو، تینوو، ئاگرین، تاسەبار و تامەزرۆ.

کە تێم دەهاڵا، گۆشتی دەپچڕی، دەیخوارد! ئاگای لە خۆی نەدەما، دەلەرزی، دەکوڵی، دەجۆشی و دەخرۆشی، کۆڕژن و کۆڕژن و.. ئۆخژن و ئۆخژن.

لە جلیتان و ڕمبازێن و مەیدان گرتن لەگەڵ کەحلاندا چیت لە یادا نەدەما! کەحلان بە مەرج کەحلان، لێ حاڵی بوونی دوامین دیدارمان بوو.

بەڵام کاتی کەم بوو... سەرقاڵ بوو؛ بە چییەوە؟ خۆی

نەبێ کــەس نەیدەزانی! کــاتی کــەم بوو: حــەوتووی شەوێک، بە پێی قەرار و بڕیە.

لە ماڵ دەمکێشا دەرێ، بەبێ جل و زین، کە دەهاتە بەردەرگا و یەکە دەستم بە گیـانیدا دێنا، دەمزانی بەبێ جل و زین و بەبێ لغــاوە! دەتریقــاوە، دەیکوت: ئاوا خۆشترە، ئاوا حازر بەزینم. دەست لە نێو دەست، شانمان لە شـانی یەک توند دەکـرد و دەڕۆیشــتین. جـادەیەکی قــەراغــە شـار و لە جـادەکــە لامــان دەدا: باریکەڕێ و گــردێکمــان دەور دەدا، کــە لەوســەری گــرد، لە یاڵەکــە دەهاڵاین، ئیـدی سـەرەوخـوار بوو؛ دۆڵێکی دوورەچاو، سێ چوار دارەبی، زەوی قلیاسـان و کـانییـەک. ئاوی کـانی چاوی قـرژاڵ. جانتاکـەم دەکردەوە، ساردیییـەکم دەهاویشـتـە نێـو ئاوی کـانی. ڕاخـەرێکی تەنک و دوو کەسە ڕادەخرا و تاوێک ڕادەکشاین.

کـە دەحەسـاینەوە و هەڵدەسـتـاینەوە: مـانگ لەسـەر مـاڵۆچکەمـان دەدرەوشـاوە. ئەمـجـار دادەنیـشــتـینەوە، دەستەکانی هەڵدەسووڕاند. هەڵیـدەخولاند و... سەما؛ سەما!! گۆشـەیەکی باغی ئیرەم بوو. ئاخ کەحلانی خۆش ڕکێفی خۆش دڵ و دەماخم لەگەڵدا بوو و لەو کـاتەدا و لەو شوێنە. ئەڵڵا... ساردی و سەما و سەما.

لەســەر ئەو قلیـاســانە، لەسـەر ئەو ڕایەخـە تەنکە: مـەیدان و تەقلە و ڕمــبـازێ لە دوورەچاوی ئەغـیــار و دۆست و دیوناس و یار و نەیار.

نازانم لێم حالین؟ من شـتێک دەڵێم و ئێوە شتێک دەبیسن، بەڵام فارس وتەنی:

ئازیز، ئازیز وتن و گـیـان گـیـان بیـستن، بیـستن کـوا دەبێتە دیتن؟

بەزمـێکی ئاوا دەگـەڵ ئەو جـانوو کـەحلانەی کـە دەبێ دایکی ڕۆژی چار کــەڕەت ئازای ئەندامی بە شــیــر و هەنگوین و گــولاو بشــواتەوە و چل جــاران بە دەوری سـەریدا بگەڕێ و چار سـەد جاران بە قـوربان و ساقـەی بێ.

ئەوەی من بینیومە و من دەیلێم هەر بە خەون و خۆزیا و خــەیالات دەبێ و هەر لە قــایەت و ئەوســانانـدا بیستراوە. ئەوەندەتان بۆ دەدرکێنم: هەر کەڕەتەی پێکەوە دەبووین و چار ناڵ و مــەیدان گــرتنمــان بوو، ئای دەگەیشتینە کوێ و کوێ و...

مـەگـەم ئاوا شـتـێکم وتووبێ، ئەگـینا خـۆ نە قـەڵەم توانایی وەسفی هەیە و نە زبان دەتوانێ بیگێڕێتـەوە! کافری لە خوا بە دووری خوا نەناس، جانوو مایین نەبوو، کەحلان کە دەڵێن؛ جانوو کەحلان! بۆخۆی بوو، بۆخۆی؛ ئەم ناوە هەر لە خـــۆی دەوەشـــاوە! چ لـەو بەندەن و سـەرکـانییـە و چ لە شـوێنە تایبـەتەکـەی ماڵەوەیدا؛ کە دەستمـان دەکرد بە مەیدان گـرتن و ڕمبازێن، لە دەست پێکدا دەبایە کاژێرێک بیلاوێنمەوە. پەنجەکـان دەبوونە شانە و دەبایە ئەو پرچە پەخشان و پەرێشانە بەم پەنجانە ئەوەندە شانە کەم، ئەوەندە شانە کەم تا چەشنی هەودای کارەبا ترووسکەترووسک بدرەوشێتەوە و ئەمجار پشتی تێـدەکردم و دەبایە پەنجە بەسەر شـەپۆل شـەپۆل گۆشتی نەرمی پشتـەمل و سەرشان و نێوشان و لاقەبرغەکانیدا ببنە ســەوڵـی پاپۆڕ و خــوا دەزانێ دەبێ لەپی دەست چەندان کــەڕەت بەســەر ئەم شـەپۆلە خـزۆکــە تەسک و ناسک و نەرم و لووس و زولاڵەدا بێن و بڕۆن و خـوێنی ژێر ئەو پێستــە بخەنە هاژە و هووژە و خـوڕە و خوشە و لەرزەلەرزی لەخـۆ نووســان و گــەرمــوگــوڕ داهاتـن و گرگرتن... ئاخ نازانم چم بەسـەر هات و چیـمـان بەسـەر دەهات؟ کـەچی ئەمـجار تازە سـەرەتای مـەیدانی جەنگ بوو.

بۆتانم باس کـرد: (هەر یەکـەم شـەو و یەکـەم دانیـشتن پرســیــاری لێم کــرد: ئەوە ئارای چەند مــانگە وەدوام دەکەوی، ئەوە ئارای چەند حەوتووە شەوانە هەدادانت بەم گەڕەک و کۆڵانە هەڵگرتووە، باشە باش، سوێند دەخۆی ئەویندارمی؟

ســوێندت بۆ دەخــۆم، ئەویندارتم و شـێت و شــەیدای تۆ...

کـێل گـەردن سـەری هەڵبـڕی، چاوی لە چاوم بڕیبـوو و وتی: ســوێند دەخــۆی ژن هێنی و ئەم ئەوینە بۆ ئەوەیە مارەم کەی و ببینە ژن و مێردی شەرعی و یاسایی...

تەواوی لەشم لەرزی و تێـهـەڵچـوومـەوە: لە جیـاتی سوێندێک، دە سوێند؛ وەڵڵا و بیللا و تەڵڵا...

تەواوی ڕوخساری بووە پەڵەنگ و پشیلەکێوی: وای وای بێتو بە درۆزن دەرچی خوا ڕەحمت پێ بکا...

درێژەی دایە: تەواوی تەمـەنم چاوگـێـڕان و چاوەڕوانی بوو، بۆ کـەسـێک پیـاو بێ و ئاکـاری پیـاوانەی هەبێ. چاوی هەر لە سـمت و سـاتان و لەشـولار و پاوپووزی ژنانەوە نەبێ؛ ژنی بوێ بۆ ژین و ژیان!

من چاک دەزانم؛ بۆخۆشم دەزانم و ژن و پیاوی هەمـوو دنیـاش دەڵێن: ژنێـتـیم لە تەشق و حـەوێقی کـاملّ بووندایە؛ جـانوو کـەحـلانی چی و زلێـخـا و شـیـرین و لەیلێی چی؟ ئەمە جەستە و ڕواڵەتم، زانکۆشم خوێندووە

و سارتر و کامو و هێمن و هیدایەت و شاملووشم متالا کردووە، نەهرۆ و گوڵشیری و خەییام و حافزیش بە باشی دەناسم و ئەدەبی عەرەب و ئەمریکا و ئەوروپاشم زۆر خوێندۆتەوە، یان دەمەوێ بڵێم ئەندێشە و هزر و سۆز و هەستم زۆر بەرزترن لە جەستەم. ئارمانجخواز و ڕۆمانسیشم! چاوەڕوانی شازادە و ئەسپی سپیشم! لە پیاوێک دەگەڕێم چەتر و ساباتی سەرم بێ، من ڕاست ئەو ژنەی نەقڵی سوڵتان مەحموودم: "دەڵێن لە شاری غەزنەی دەورەی سوڵتان مەحموود هەموو شەوێ پیاوێک بزر و بێ سەروشوێن دەبێ. لە پاش پشکنینی هەزار کون و قوژبن و بنجوبناوان دەردەکەوێ: ژنێک هەموو شەوێک بە جلوبەرگی پیاوانەوە، بە سواری ئەسپێک دەچێ و لە دەرکی ماڵێک دەدا، هات و کابرای خاوەن ماڵ بە ژێرکراس و ژێرپاتۆڵ و بێجامەوە دەرگای لێ کردەوە، ژنە دەست بەجێ دەیبا و دەیکوژێ و بێ سەروشوێنی دەکا، بەڵام هات و لە دەرگایەکی دا و خاوەن ماڵ بە بەرگی کامڵ و تەواوەوە دەرگای لێ کردەوە، ئەوە خۆی لێ ئاشکرا دەکا و خۆی لێ مارە دەکا؛ بەڵام هێشتا تووشی پیاوێکی ئاوها کامڵ نەهاتووە و ئەوی دێتە دەر، هەر دەکوژرێ." ئێستاش ئەو ژنە منم! نەقڵی ئەو ژنە، نەقڵی منە: دایک و بابی من هەو نەبوون، نەیانتوانی ئاگەداری و ئامۆژگاری بەکەڵکم بکەن، نەیانتوانی توندوتۆڵ و مۆر و پاک پێم بگەیەنن، خوا ڕەحمی کرد و زوو مردن، سامان و میراتی بێ حیسابم پێ گەیشتووە، لە پاش مردنی ئەوان لە زانکۆی شیراز زبان و ئەدەبی ئینگلیزیم خوێندووە، تێگەیشتووم و پێگەیشتووم! شتێکم لە دنیا لێ حاڵی بووە. گەڕاومەتەوە شار و زێدی خۆم و خوازیاری پیاوێکم چەتری سەر و عەسای دەست و هاودەمی سەردەمی پیریم بێ، بەڵام پیاو بێ! تۆ دەڵێی هەوی، ئەو کەسەی من بە شوێنیدا دەگەڕێم. منیش قبوڵت دەکەم. بەینێک پێکەوە دەبین، با یەکتر باشتر بناسین، لە پاش یەکتر ناسینمان، یان کارمان سەرناگرێ، یان ڕازی و ڕەزا بووینمان دەبێتە هاوسەربی شەرعی و یاسایی، بەڵام وای... وای... هەو نەبی و درۆ و دەلەسەت کردبێ، وای خوا ڕەحمت پێ بکا بە دەست منەوە.

گەیشتمە بەر دەرگای بیناکە، هەنگاوێکم مابوو بیگەمێ، خێرا ڕۆیشتمە ژوورەوە، بەڵام هەر لە کاریدۆری بیناکەدا لای دا ژوورێک و خولقی منیشی کرد بچمە ژوورەوە، کە چوومە ژوورەوە: ژوورێکی سەیر ڕازاوە و دڵڕفێن بوو، پاکی و خاوێنی و جوانی و سەلیقەی جوان لە هەموو سەنتیمێکی ژوورەکەدا خۆی دەنواند، جێگای مەترسی بوو، بۆچی ئەم ژوورە؟ ئەی کابرا؟

وتم: کوا کابراکەت؟... پێ دەزانن.

وتی: ئەو لە ماڵ نییە.. لە ماڵیش بێ حەدی چییە؟

لەوە بەدوا دەچووینە ئەو ژوورە. شەوێک هەستم کرد دەنگی پێیەک لە ژوورەکەی دیکەدا دێ و دەچێ، مات بووم. بێدەنگی باڵی بەسەر ژوورەکەدا کێشا. دەنگی پێیەکە ئاشکرا بوو؛ بە کەحلانم وت: گوێت لێیە؟ زۆر بە گوستاخییەوە بە دەنگی بەرز وەڵامی دایەوە: دەزانێ بە ئاشکرا پێکەوەین! مەگەم بڕیاری زەواجمان نەداوە؟ پێم وتووە، پێی خۆشە و ڕەزایە، ئەگینا نارەزا بێ، خۆی دەزانێ... سەر چاوم!

تەنانەت شەوێک کابرای بانگ کردە ئەو ژوورە، کابرا هاتە ژوور، سڵاوێکی حیزانەی کرد، ڕەنگی گۆڕا، سەری ڕێز و حورمەتی بۆ من دانەواند. کەحلان ڕووی تێ کرد و زۆر بە ڕووهەڵمادراوییەوە پێی گوت: مەمەل گیان، میوە و ساردیمان کەمە، دەچییە نێو شار و میوە و ساردیمان بۆ دەسەنی.

مەمەل لە خۆشی ئەوەی کەحلان بە ڕووی گەشەوە دواندوویەتی، گەشاوە و باڵی گرت و فڕی بۆ نێو شار.

شتێکی دیکەتان بۆ دەگێڕمەوە، بەڵام بڕوا بکەن بۆ باوەڕ پێکردن نابێ! نا، نا، بڕواتان هەبێ بۆ بڕوا پێکردن نابێ، شتی واتان نەدیوە، شتی وا نەبووە، لە مێژووی دڵداریدا شتی وا نەبووە، بۆتانی باس کەم ئێوەش بڕوا ناکەن و دڵداران و مێژووی دڵداریش باوەڕ ناکات! من دوێ شەو لەگەڵیدا بووم، تا ڕۆژ، تا ڕۆژی ڕوون. ڕۆژی پێش بۆخۆی تەلەفۆنی بۆم کرد و وتی: «سرەوت و قەرارم نییە! دەزانم ئەم شەو وادە و قەرارمان نییە، بەڵام زۆر تاسەت دەکەم، توانایی چاوەنواڕیم نییە، لە زووترین کاتدا وەرە و بگەیە، ساردی: ئەسپی سپی.

وتم: ئەی لارێ کەحلان بە کەحلانەوە؟ بە جووت لە قاقامان دا، لە کوێر پرسیار بکەن چیت گەرەکە؟ دەیجا دوو چاوی بینا؛ یان مژدە بە کوێر بدەن دوو کاتژمێری دیکە چاوەکانت بیناییان بۆ دێنەوە، چ حاڵێک پەیا دەکا؟ ئەمە حاڵی من بوو؛ بێ ئاراوقارا؛ بێ ئۆقرە! هێشتا تاریکی باڵی بەسەر شاردا نەکێشابوو، گەیشتمە بەردەرگاکەیان.

لە دەرگام نەدا، وا دیار بوو لە پشت دەرگاکە بوو، هەر

هەستی بە گەیشتنی من کرد، دەرپەڕییە کۆڵان، تەماشایەکی ڕاست و چەپ و سەر و خواری کۆڵانی کرد و خۆی هاویشتە باخەڵمەوە.

نەچوومە ژووریّ، پیّم وت: هەواکەی سەیر فیّنکە، شنەیەکی بلاویّن دێ و دەڕوا، با بڕۆینە گۆڕایی بەندەنەکەمان!

ئەمەم پیّ کوت و ئەوی پیّم بوو دامە دەستی و خۆم وەڕیّ کەوتم. چارەکە ڕیّیەک دەبوو: گۆڕاییەکی باسەفا و شیّن و شنەگر! شنەی ئەو گۆڕاییە ڕوحی وەبەر مردووی گۆڕستان دەهیّنایەوە. بۆ ماڵی کەحلان زۆر نیّزیک بوو. ئاخە ماڵەکەیان جەمسەری کۆڵان و ئاخر ماڵی گەڕەک بوو؛ ڕاست لە شان و بەندەنی چیاکە: بزنەڕیّیەک و بە گەوە سەرکەوتن. کەس ماندوو نەدەبوو. چارەکیّ لە پاش من ئەوانیش گەیشتن؛ خۆی و کابرا. سلاویان کرد و کەحلان وتی: مەمەلیشمان دەگەڵە، دەڵیّی چی؟

وتم: ئاساییە، دەبیّ وابیّ، بەخیّر بیّن.

دەگەڵ مەمەلدا تەوقەیەکی گەرموگوڕمان کرد و شان بە شان دانیشتین. تا شیّو بکەین و شەو بزرنگیّتەوە، دوو کاتژمیّری کیّشا!! لە پاش خواردنەوەی دوو پیّکی سێ قۆڵی، کەحلان ڕووی تیّکردم:

بڕیار بوو بۆم بڵیّی، ئەم شەو هەر دەبیّ بیلیّیی.

ـ بە چاوان، بەڵام لەبەر مەمەل لە ڕووم هەڵنایە، لە ڕووی ئەمدا چۆن دەبیّ؟

ـ مەمەل دەڕواتەوە! ئەگینا ڕاخەریّک دەبا و تا کاتی ڕۆیشتنەوەمان لە پشت ئەو ڕەوەزە ڕادەکشیّ، بڕیّکیشی خەو دیّ!

دەمودەست، مەمەل ڕاخەریّکی هەڵگرت و بڕیّ میوە و بۆ پشت ڕەوەزەکە بەڕیّ کەوت و ڕۆی.

جا ئەمجار تیّم چریکاند: بە شیّخەکەی کانی کەویّ، هەر ئەم شەو ماچم دەویّ.

من وتم و کەحلان سەمای کرد، هەڵسووڕا، هەڵیخولاند، سەمای کرد. نۆرەی وتنی هات، کەحلان وتی و من سەمام کرد، هەڵمتەکاند!

کە ماندوو بووین دانیشتین و خواردمان و خواردمانەوە. میوە و ساردیمان بە دەم یەکدییەوە کرد، بابۆڵەمان بۆ یەکدی کرد، تیکە و جەرگ و دڵ و کەبابمان بە دەم یەکترەوە کرد، قسەی خۆشمان کرد، نوکتەمان گیّڕایەوە، قاقا... قاقا... قاقامان کیّشا. پیّکمان لە پیّک ڕاکیّشا و هەڵمان دا.

هەستاینە سەر پیّ، بە دوو قۆڵی گۆرانیمان وت و سەمامان کرد، بۆ یەکتریمان گیّڕایەوە و سەمامان کرد. ئاخ گۆرانی و سەما و قاقا. گۆرانی و سەما و قاقا.

کە ماندووش دەبووین، دادەنیشتین، ڕادەکشاین، لەو بەندەنە دەخزاینە نیّو باخەڵی یەکترەوە. خەوەنووچکەمان کرد. ڕاست بووینەوە، پیّکمان هەڵ دا، خواردمانەوە، سەمامان کرد. ڕانە مریشک و سینگە قەلمان خوارد و پیّکمان هەڵ دا، دیسان سەما و گۆرانی و قاقا...

وەنەوزمان دا و ڕاپەڕین و دیسانیش. لەناکاو لیّمی پرسی: کاتی زەماوەندەکەمان دیاری نەکەین؟

ـ نا، نا... جاریّ زووە! چی وام بە دەستەوە نییە...

ـ بەڵام بڕیارمان وا نەبوو؛ ئەوەندەی بە سەردا بیّ!

ـ جاریّ باسی مەکە... بۆ داهاتوو...

دوێ شەو شەویّکی ئاوها بوو و بەڵام ئەم شەو چی؟ شتی وا دەبیّ؟ بڕوا ناکەم! چۆنم بڕوا پیّ بکەن؟ نا، نا. ئەمە دەبیّ کابووس بیّ؛ نابیّ ڕاست بیّ، کابووسە، کابووس...

ئەم شەویش بەپیّی وادە و قەراری شەوانی وادە و بڕیار کاتی هەمیشەیی دەگەمە بەر دەرگاکەیان. خۆی و مەمەل لە بەردەرگان. ئالۆزن و شیّواو. سلاویّکی گەرموگوڕ دەکەم و دەست بۆ تەوقە دەبەمە پیّشیّ. کەحلان؟ نا، دەست ناجوولیّنیّ، هەر نامناسیّ. نە جوابی سلاو و نە دەستی تەوقە و نە بزە و نیگایەکی دۆستانە، هەر نامناسیّ!

خوایە ئەمە کەحلان نییە؛ کەحلان نییە، ئەمە سەگەهاریّکە، پشیلەکیّوییەکی دڕندە! بە دە نینۆکی هەردوو دەستی، دەست و ئانیشک و باسکم هەڵدەدڕیّ؛ دوو سێ چنگۆڵیش بۆ سەر و سنگم داویّژیّ، بەپەلە چوار پیّنج هەنگاو پاشەوپاش دەکشیّمەوە، نەکشیّمەوە پیّست و گۆشت بە سنگ و ڕوومەتمەوە ناهیّلیّ! چاوەکانی سوورن، ڕەنگ و ڕووی ئاوری گرتووە، نینۆکەکانی بوونەتە خەنجەر! هاشاولّم بۆ دیّنیّ، نەکشیّمەوە، هەردوو چاوم دەردیّنیّ!

لە ژیّر لیّوڕا دەڵیّ: جاریّ ژن ناهیّنی! نازانی کەی توانت دەبیّ! بڕیار وا بوو؟

پشتاوپشت دە شەقاو دەکشیّمەوە و کەحلان دیّتە پیّش، وەک گوڕپەکیّوی لە کاتی شەڕ و کاتی پیّکداهەڵشاخان، هەموو تووک و قژەسەر و زوڵفی سیخ بوونەتەوە. چاوەکانی دوو تەندووری پڕ لە ئاگرن و بڵیّسە دەستیّنن. دەمولیّوی هەڵمساون و لرفەلرف و هەڵبەزدابەزیانە! دیسان دەم دەکاتەوە:

ـ بڕیار نەبوو تا ڕۆژی حەشر بمتەقێنییەوە، بڕیار نەبوو جارێ ژن هێن نەبی... ئەو قسەی دوێ شەوت، مەرامی دڵتی دەرخست. منت کوشت، لەو کاتەوە وێرانت کردم. ئەمڕۆ لە دکتۆر بووم، شەش شریخەی ملیۆن ملیۆنی لێ وەشـــاندووم. تف... تف... من ئەو ژنەم؟ ئاوا لە من دەڕوانی؟ هەر بۆ کەیف و نەهەنگ؟ ئەی بڕیار؟ قەراری زەماوەندمان نەبوو؟ لە پاش وەشاندنی شریخەکان شەش سەعات لە بێهۆشیدا بووم؛ کە هاتمەوە خۆ، هاتمەوە خۆ! دەرد بوو، نەخـــۆشین بوو، پەتا بوو، ئازار بوو، هەرچی بوو، تەواو بوو. ئەمڕۆ مەلا و شاهید دێنییە ماڵ و مارەم دەکەی... ئەگینا نەتبینمەوە. پێم کوتبووی: وای... وای... وای لە تۆ...

بووبوومە پەیکەرە بەردینە و لە شوێنی خۆم چەقیبووم؛ هاشاوڵێکی دیکەی هێنا و پەنجۆڵەکانی گەیاندە سەر کراسەکەم: دوگمە بە کراسەوە نەما؛ ئێخە تا ئاتەک هەڵدڕا و لە کراس جیابۆوە و حەوا درا سەر عەرزی. هاشاوڵی دووەمی پێستی سنگ و مەمکمی داڕووشاند و خوێن هەڵزنی.

لە چاوەکانم ورد بۆوە و وتی: کەحلان درۆ بوو، خەون و خولیا بوو، پشەبۆر بوو، پشە بۆر.

هاشـــاوڵێکی دیکەشی هێنا... کـشـــامـەوە و بۆی دەرچووم! تا ئەوسەر کۆڵان هەڵاتم و لەوێ خاو بوومەوە. بە ڕاوێچکە دەڕۆیشـتم، مەمەل پێم گەیشت و پێمی کوت:

ـ لە دوێ شەوڕا کە گەڕاینەوە حەجمین و هەدادانی نییە، دووکەڵ لە چاوی هەڵدەستێ. هەڵم لە سەروسنگی هەڵدەستێ. هەر دەڵێ چۆن ئاوای لە من دەڕوانی؟ ئاوای من دەویست؟ دەگری، قاقا دەکێشێ، وڕێنە دەکا. بەیانی خوێنی لووتی بەربوو، گەیاندمە نەخۆشخانە. خوێنێکی زۆری لە بەر ڕۆیی و بێهۆش کەوت. دکتۆر شەش شریخەی ملیۆن ملیۆنی تێوەژاند. بێهوش کەوتبوو، کە هاتەوە خۆ، گۆڕابوو؛ هاتبووە ئەم دۆزەی کە بینیت. دکتۆر دەیگوت ئەم خوێنە لووتەی نەڕژایە سەکتەی دەکرد و دەمرد. لەو کاتەوە هاتەوە خۆ، داوای دەمانچە و چەک دەکات. زۆر دەترسم، یان کەسێ بکوژێ، یان خۆی. تۆغا ئیدی بەم لایانەیا نەیەیتەوە. پێی کوتووی مارەی کەی، گوێت نەدایە، ئەمە وەڵامەکەی. تۆغا ئیدی بەم لایانەیا نەیەیتەوە؛ مەگەم بۆ مارەکردنی.

هەناسەم سوار بووبوو، دڵم داکەوتبوو، پێمابێ تووشی کەسێ بایەم، یان لە ڕۆشنایی و لەبەر ئاوێنەدا لە خۆم ڕوانیبایە زۆرسووکوسانا دەبینرا ڕەش داگەڕاوم، ڕەنگم پەڕیوە، پەرۆش و نیگەرانم. زۆر سەیر بوو ترسابووم، هێزێکی زۆر کەم لە وجوومدا مابوو، دەترسام بکەوم و بمرم.

بە هەزار حاڵ و تەقەللا خۆم گەیاندە ماڵەوە، لەسەر تەختی عەرزی ژوورەکە بەسەر فەرشدا کەوتم و بەبێ هەستوخوست چاوم لە بنمیچی ژوورەکە بڕی: یانی چی؟ خۆ پێیم نەکوتووە نامەوێی، پێم نەکوتووە هاوسەریت دەگەڵدا ناکەم... ئەی بۆچی؟ خۆ زۆر خۆشمی دەویست! یانی چی؟ چی ڕووی داوە؟

هەستام و چوومە حەمام، حەمامم کرد و جلوبەرگم گۆڕی، کامێرام هەڵگرت و هەر ئەو شەوە گەڕامەوە کۆڵانەکەیان. کامێراکەم بە شەوانەیش دەیتوانی فیلم هەڵگرێ.

چوومە پشت تەپۆڵکەی بەرانبەر ماڵەکەیان و بۆسەم ناوە: مەمەل و کەحلان دەهاتن و دەچوون، دەهاتنە بەردەرگـــا و دەچوونە ژوورەوە، دەهاتنەوە دەرێ. لە بەردەرگا ڕاوێچکەیان دەکرد. جاروبار ورتەورتێکیان لێوە دەهات کە نەمدەزانی دەڵێن چی؟ بەڵام دەمزانی پەرێشان و نیگەرانن، زۆر پەرێشان و شێواو.

بە زگەخشکە شوێنەکەمم گۆڕی و هەر لەو تاریکانەدا بڕێک چوومە پێشەوە؛ ئەوەندە چوومە پێشتر تا دەنگیان دەگەیشتە گوێم.

کەحلان: زڕ ناپیاو... زۆر نائینسان... من شەوی یەکەم و ڕۆژی یەکەم سوێندم دا: ئەویندای؟ ژن هێنی؟ منت بۆ هاوسەری دەوێ؟

مەمەل: خەتاتە. زۆرت بە دەمیەوە دا، زۆرت مەیدان دایە...

کەحلان: سوێندی خواردبوو، خواهان و خوازیار و تامەزرۆ بوو.

هەموو شتێکم بۆ دەرکەوت، خانم بە تەمای زەواج و هاوسەری دەگەڵما تێکەوتبوو! بە زگەخشکە گەڕامەوە دواوە؛ بە تاریکاندا خۆمم دەرباز کرد و ڕۆیشتمەوە و خۆم گەیاندەوە ماڵ و بۆی خەوتم.

سبەی کە لە خەو هەستام بەتەمای سەفەرێکی دە پازدە ڕۆژە بەرەو تاران و ئیسفەهان و شیراز بەرێ کەوتم.

پازدە ڕۆژی ڕاست لە سەفەر و سەیرانی شاران بووم؛ مەگەم سەفەر و هەڵات هەڵاتی سەفەر بیتوانیبایە ئەم خەفەتە و باری قورسی غەمی ئەم ئەوینە لە دڵما

دامرکێنێ و سووکناییەکم پێ ببەخشێ!
لە پاش پازدە ڕۆژ گەڕامەوە، لەگەڵ کو لە گەراجی شار لە پاس دابەزیم، هەوای کەحلان و کۆڵانی ماڵی کەحلان لە کــەللەمی دا!! نا، نا، بە خــوا لە یادم نەکــردووە. حوللەسێ، هاتەوە سەر سێ!
شەوێ لە پاش شێوخواردن لە پشت تەپە گڵێنەکەی بەرانبەر ماڵی کەحلان ڕاکشاوم، کەحلان و مەمەل لە پازدە شــەقــاوی مــەودامــاندا دێن و دەچن، دەڵێی چاوەڕوانی کەسێک بن. من لە دنیا نادیار و دنیا لە بەرچاوم، لە ڕوانگەمدایە. مەمەل ڕۆیشت و لە ئاسانەی دەرگاکەدا دانیشت، کەحلان ئۆقرەی لەلا نییە و هەروا دێ و دەچێ، دێ و دەچێ و لە خوارەوەی کۆڵان دەڕوانێ. وا دیارە خولەک بە خولەک بەبێ ئۆقرەتر دەبێ. ئاخری ماندوو دەبێ، دەچێ و لە شانی مەمەل دادەنیشێ.
خۆم دەگەیەنمە تاریکانی قاناوی شانی بیناکە، دەنگیان دەگاتە گوێم.
کەحلان: بڕیاری داوە؛ بڕیاری داوە سەعات نۆی ڕاست، لە میــوەکڕین بوو؛ من زووتر ئەوم بینی. بە دزییەوە دامە بەر جاسووسی. لەناکاو ئەویش چاوی پێم کەوت؛ ڕاچەنی. دەزانی چی بە دەروونیدا هات! ئەوینی کۆن و بیرەوەری ڕابوردوو حەتمەن دەروونی پڕ کرد لە ئێش و ژان و برک لە لایەک و سەرخۆشی و دڵخۆشی لە لایەکی دیکەوە. وەک پەیکەر لە جێی خۆی چەقیبوو؛ بۆ چارەکە سەعاتێک! لە دوایە ڕۆیشت و گەڕایەوە، ڕۆیشت و گەڕایەوە، ئەوە منیش لە شوێنی خۆم چەقیوم و بە دزەدزە ئاگام لێیەتی و خۆم بێ ئاگایی داوە!
زۆری پێ نەچوو، توند بەرەو من هات و کە گەیشتە حاندم، سڵاوی کرد و بەبێ سێ و دوو وتی: (کایە و یاری منالانە ئیدی بەسە، هیچ درۆ و دەلەسە ناکەم. بە گشت ڕوحمەوە خوازبارتم، ئیزنم بدەی ئەم شەو بە مەلا و کێخواوە دێمەوە خزمەت! نا مەڵێ. جارێکت نا وت و ساڵ و نیوێک لە هاودەمی و هاوسەری دوا کەوتین. نا مەڵێ... لێت قبووڵ ناکەم... ئەمجار ناکشێمەوە.) ئەی بۆ دیار نییە؟
هەموو شتێکم بۆ دەرکەوت: خاتوون قەرار و بڕیە شووکردنی داناوە، وا دیارە کابراش بە باشی دەناسێ، دەبێ لە پێش کەینەوبەینە دەگەڵ مندا، لەگەڵ ئەودا بووبێ.
کە ئەوەم زانی و ئاوام بینی، دڵم کەوتە کوتەکوت، غەمێکی قورس دایگرتم. قەدیمی دەیانوت: ڕوح لە شوێنێکی ئاستەمدایە و نایەتە دەر. چیم کرد لە خۆم؟ چیم بەسەر خۆم هێنا؟ بۆچی درۆم دەگەڵ کرد و کە پێشنیاری مارەکردنی دا، لە بەری هەڵاتم؟ بۆچی؟ چی بکەم؟ چ کەردەن بم؟...
لە ناکاو دوو ئۆتۆمۆبیل لە خوارووی کۆڵانەوە دەردەکەون و بەرەو سەرێ دێن. کەحلان مل دەکێشێتە دەرێ و بڵند دەڵێ:
مەمەل هات... مەمەل هاتن...
کەحلان دەڕواتە ژوورەوە. ئۆتۆمۆبیلەکان لە بەردەم دەرگاکەدا دەوەستن و مەمەل پێشوازییان لێ دەکا: تەواوپیاوێکی جوان چاک، مەلایەک، دوو خاتوون، دوو زەلامی ڕیش سپی و منداڵێک. مەمەل خولقی ژوورەوەیان دەکا. ئەوان هەموو دەچنە ژوورەوە و من قوت دەبمەوە. مەمەل لە کاتی چوونە ژوورێدا چاوی بە من دەکەوێ!
مەمەل بڕێک لە من ڕادەمێنێ و لە دوایە بەرەو من دێ، لە ڕووبەڕوومدا دەچەقێ و چاو لە چاوم دەبڕێ.
من پێتم نەوت هەرگیز بەم دەرکوبان و کۆڵانەدا مەیەوە؟ بە خوا کەحلان بزانێ و بتبینێ، وەبەر چەقۆ و گوللەت دەدا!! تۆ چووزانی لە تووڕەبووندا چ عاجباتی و دڕندەیەکە!؟ سروشتی وایە. ئێستا تا سەعاتێکی دیکە مارە دەکرێ و تا ڕۆژی مردن؛ تا ئەو ڕۆژەی لەگەڵ ئەم کابرایە ژن و مێرد بێ چاوی هیچ پیاوێک لە سەر دنیای ڕوون نابینێ... سروشتی وایە، پاک، پاک، پاک، وەک ئاوی کانی، وەک بەفری کوێستان...
من هیچی نیم، نۆکەر و کارەکەری ماڵەکەی بووم، بڕیاری داوە دەرم نەکا و کارەکەم بەردەوام بێ. ئەگینا کارێکم بۆ بدۆزێتەوە. تکام ئەوەندەیە ئیدی نەگەڕێییەوە، ئەم کابرا زاوایە دۆستی چەند ساڵ لەمەوبەری خۆیەتی، یەکتر دەناسن، بزانن بەم کۆڵانەدا بێی.. باسی خوێن دەکەم؛ خوێن... دەمانچەشی کڕیوە!
لە تەواوی قووڵایی دڵمەوە ئاخێک هەڵدەکێشم: کاک مەمەل خاترجەم بە.. ئیدی من لەم کۆڵانە هیچ، لەم گەڕەکەش نابینی. کەحلان گەنجێکی بەقیمەت و بایەخدارە، ئێمەی ناحاڵی نەمانناسی و قەدریمان نەزانی، گەنجی ئاوا بۆ ئەوە نابێ گەردی لێ بنیشێ و لەکەداری کەی... کەحلان پاکە، پاک و بێ گەرد و بایەخدار. تۆش بڕۆوە ژوورێ، بەڕاستی و پاکی لە خزمەتیدا بە، بایەخی هەیە.